www. kurdistannet. org
09/01/2002 22:37

# دووسالآنه یه ک بووه قوربانی ئه شق

که ژاڵ حه مه سالح

له شاری به رلین گه ره کی ولیمس دۆرف، گه وره ترین ترجیدیای ساڵی نوێ ویژدانی مرۆڤایه تی هه ژاند!

کۆرپه یه کی دووسالآنه بوه قوربانی عه شقی دایکه که ی. رۆژنامه کان هێشتا ره گه زی ئه و ئافره ته یان ئاشکرا نه کردوه، که تورکه یان کورده یا هه ر ره گه زێکی که چونکه ناوی کوره کۆرپه که له کورد یا تورک ده چێ.

شه مه ٥ جه نیوه ری ٢٠٠٢ تیپی ئاگرکوژێنه ره وه ی به رلین ده رگای ماڵی ئه و ئافره ته یان شکاندو چوونه ژوره وه کۆرپه که یان به ووشکه وه بووی دۆزیه وه.

کاتێ تیپی ئاگر کوژێنه ره وان هه ستان به و کاره ، که دراوسێکانییان چه ند جارێک سکالآیان له ده ست هاواروو ناڵه ی ئه و کۆرپه کردبوو.

به لآم ئه لی سان توران ی دووساڵه به سته زمان ته نها چه رمه که ی مابوو، فریایی نه که وتن رزگاری بکه ن.

ئافره ته ٢١ساڵه که به پۆلیسی به رلینی گوتوه:من هاوسه رێکی نوێم دۆزیه وه و به قوڵی شه یدای بوم، بۆیه من گواستمه وه بۆ ماڵی هاوسه ره تازه که م، منداڵه که شم پێش دوومانگ به جێهێلآوه!

ئافره ته که به که سوو کاروو دۆسته کانیشی ووتبوو:که کوره که ی لای ناسیاوێکیه تی. پۆلیسی شاری به رلین ده ست به جێ دایکه که ی گرتوه .

کاره ساته ، کاره ساتێکی دڵته زێن پڕ به پێستی ته زاندن. ئه مه ش یه که م روداونیه له و بواره وه. کۆتایش نیه . له ژێر سێبه ری ئه م سیسته مه ی ئه مرۆمان. هه زاره ها ڕوداوی جه رگبڕ وا ڕووده دا، که مرۆڤ ده گه یه نێته ئاستێ که قێز له بوونی خۆی بکاته وه.

ئێستا من وه ک ئافره ت قێز له ئافره ت بوونی خۆم ده که مه وه.

چونکه ئه گه ر ده ستمان برد بۆ توته ڵه سه گێ دایکه که ی په لآمارمان ده دا ُبرینداریشمان ده کا.

گه رچۆله که ش هه ستی کرد، مار له بێچووه کانی نزیک ده بێته وه ده یکاته هاتوو هاوار ده وروبه ر له ماره تێده گه یه نێ.

ته واوی زینده وه ران گیانداران هێنده خۆشه ویستیان له ده رووندایه که له گه ڵ بونیاندا بوه، که بێچووه کانیان خۆش بوێ.

مرۆڤیش هه مان شێوه ، به لآم مرۆڤ به هۆی ئه وه ی مێشکی گه وره تره، ده ستوو پلی یارمه تیده ره که زیاتر و زیاتر مێشکی گه شه بکا واته ووشیار تره.

ده بوایه هه رگیز کاره ساتی وا دڵته زێن ڕوینه دایه!

جگه ر گۆشه که ی خۆت بکه ی به قوربانی ڕابواردن. هه لبه ت کاره ساتی له وباره وه زۆرن که ١٠٠% دوباره ی هه مان هۆکارن. دڵنیام که زۆربه مان به رێگه ی تورکیاو یۆنانا گه شتوینه ئه وروپا، ئه گه ر به چاوی خۆمان نه ماندیبێ ، ئه وا بیستومانه که چه نده ها کاری نامرۆڤانه ئه نجامدراوه، ئه وه ی ده مه وێ بیدرکێنم ئافره تێکی گه نج پیاوه که ی خۆی به خنکاند ده دا به ده ستی قاچاخچیه کان ، تا ئێستاش که سووکاری خنکاو به دوای کوره که یاندا ده گه رێن. هه ر من نیم ئاگاداری ئه و ڕوداوه به ڵکوو زیاتر له ٤٠ که س له نزیکه وه به و کاره ده زانن. له بیرم نه چووه ، به ڵکوو هه میشه

**ویژدانم ئەشكەنجەم دەدا، كوشتنی بە ئەنقەستی ئەو كۆرپەش هێندەیتر ژیانی تاڵكردوم٬خەوی هەراسان كردوم، بۆ پێشنیارێ دەگەڕێم لەو مێردەزمە ڕزگارمكا.**

**ئێمەی مرۆڤ لە ڕووداني كارەساتی وادا خێرا سۆزمان دەجوڵێو ئەڵێن ئەودوو ئافرەتە دەرونیان نەخۆشە. بەڵام خۆموو چەند دەستە خوشكێكم ئافرەتی دوەمان دیوە چەندەها جار مێشێک میوانی نیەو های لایڤ دەژی.**

**وەكوو ئافرەت پشتگیری هەموو مافەكانی ئافرەتم، سەرسەختانەش دژی ئەوسەركردەم كە ئەڵێ:ئافرەت جاران لنگی بەرز دەكردەوە ، كەچی ئێستا دەنگ بەرزدەكاتەوە.**

**حەمەسەعید حەسەن لەدوا ژماری بەربانگ دەربارەی ساتێر ئەڵێ:ساتێر سەرەتا دژی ئافرەتی جامباز سەری هەڵدا، پاشان جێگای خۆیكردەوە لە بوارەكانیتردا.**

**دووبارە دەپرسم چیبكەین بۆ قوربانی دوەم.**

**٢٠٠٢-٢-٩**

©Kurdistan Net